KURDISTAN NET کوردستان نێت

# ماموستا عەلی باپیر کوردەو هەڵوێستی کوردانەشی هەبووە

**ئازاد جەلال**



لەو کاتەوەی ڕژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق ستەم و زۆرداریيان لەهەمبەر کورددا ئەنجام داوە، کورد پێویستی بەهەموو بۆچوونێك بووە کە دەست بداتە تفەنگ و ڕوو بە بەعس بجەنگێ.

کورد گەلێکی بریندار بوو، خستنەڕووی ئازار و موعاناتەکانی، بەدەیان چیرۆك و ڕۆمان و داستان لەخۆ دەگرێت. مێژووش ناشارێتەوە، ئەوەی لەو بەرگرییانەدا پشکدار بووە هەق وەر دەگرێ و کورد وتەنی "ڕوو سوورە"، بە پێچەوانەشەوە، خیانەت و نۆکەریی و پاڵدان بەلای دەسەڵاتدارانی ستەمکار هەر ڕووپەڕ دەکرێ و کەمو زیاد ناکات، هەر کاتێك دوژمن زەبری بەهێز بوو خاوەن تانك و فڕۆکە بوو، لەوکاتەدا بەرگریکردن (هەر فیکرێك، ڕاست یاخود چەپ، هەڵی بژێرێت) قابیلی قبوڵەو جێی سوپاسکردنە.

ئالەو کاتەداو لەگەرمەی "ئەنفال" و ڕاماڵین و سوتماککردنی گوند و شار وشارۆچکەکاندا م. عەلی باپیر و هەندێ لە هاوڕێیانی بەرگرییان لە دوندو ڕەوەزو شاخەکانی کوردستان دەکرد، ئەودەمە ئەمەریکا هێزەکانی بەرگریکاری کوردیان (بە یەکێتی و پارتیشەوە) بە یاخیبوو ناوزەد دەکرد، کاتێ لە ساڵی (١٩٩١) ڕاپەڕینیش ئەنجام درا، ئەوان (م.عەلی باپیر وهاوڕێیانی) لە زۆر هێزی تر، کە هەنووکە لە گۆڕەپانەکەدان، ماندووتر بوون، بەڵام دەڵێی چی کە سیاسەتەکان دەگۆڕێن وبەرژەوەندییەکان وا دەخوازن کەدەبێ پەراوێز بخرێن، ئەگەر چی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دام و دەزگاکاندا پشکدار بوون و وەزیر و نوێنەریان هەبووە.

باپیر سیمای کوردی زۆر بە جوانی ڕەنگدانەوەی تیادا هەبووە، لە هەمان کاتدا نووسەرێك بووە کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا دەیان بڵاوکراوەو تۆماری هەبووە، لە کاتێکدا لە لایەن هاوپەیمانانەوە (بە نەشیاوترین شێوان) دەستگیر دەکرێت، دەبینین ڕۆشنبیرانی کوردو هەندێك لە حزبەکانی سەر گۆڕەپانەکە هیچ هەڵوێستێکیان نییە یان لە ئاستی پێویستدا نییە، بە پێچەوانەوە لەوڵاتانی خاوەن خەبات و بەرخودان بەرگریی لە ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕانیان دەکەن با فیکریشی جودا بێت، ئەوە سەرکردەیەکی ڕێبەری حەماسی ئیسلامییە کە لە بەرامبەر تیرۆر کردنی دا تێکڕای پارتەکانی فەلەستین لەسەری دێنە وەڵام و ناڕەزایی و هەڵوێست دەر دەبڕن.

مۆرکی کۆمەڵی مەدەنی دەخوازێت کە تێکڕای بۆچوونە جیاوازەکان لە کۆمەڵێکدا لە خۆ بگرێت، بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی لەو سۆنگەیەوە کەمتەرخەمە و هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو پیاوە مەزنە.